سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (٧)

# ئایندەی هەرێمی کوردستان
## لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا
### گرفتە سیاسی و ئابوورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا

سلێمانی

ئاب ٢٠٢٠

www.centerfs.org

**- ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا؛**
**گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا**
**- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (٧)**
**- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە**
**- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی - هەرێمی کوردستان - سلێمانی**
**- ئاب ٢٠٢٠**

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژیانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نوسین و ئەنجامدانی لێکۆلینەوەی زانستی و پۆلیسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو.
٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی – پارێزگای سلێمانی – هەرێمی کوردستان – عێراق**
Address: Pak City, A1, 6, 26
Website: www.centerfs.org - Email: info@centerfs.org - Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

# ئایندەی هەرێمی کوردستان
# لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا ؛

### گرفتە سیاسی و ئابورییەکان، پەروەردە و خوێندنی باڵا

توێژەران:
د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم:
ئاڵنگارییەکانی بەردەم قەوارەی هەرێمی کوردستان ٤

تەوەری دووەم:
ئاسۆی نادیاری پرۆسەی خوێندن لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا ١٠

# سەرەتا

هەنووکە هەرێمی کوردستان، ڕووبەڕووی چەند ئاڵنگارییەکی ڕیشەیی بووەتەوە، کە دابەشبوون بەسەر ئاستە سیاسی و ئابوورییەکان لەلایەک و چارنووسی کۆرۆنا و مامەڵەکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ چۆنێتی دەسپێکردنەوە بە پرۆسەی خوێندن و شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگ و زیان و سوودەکانی هەریەک لە بژاردەکانی بەردەمیدا لەلایەکی ترەوە.

ڕانانی ژمارە حەوت تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکردنی ئەو گرفت و ئاڵنگارییانە کە لەسەر دوو ئاستی سەرەکین، یەکێکیان گشتگیرە و پەیوەستە بەکۆی ئەو ئاڵنگارییانەی یەخەی هەرێمیان گرتووە و قورسایی و کاریگەری فراوان لەسەر ئایندەی جوڵە سیاسییەکانی هەرێم و شێوازی بەڕێوەبردنی جێدەهێڵێت، کە خۆی لە کێشەکانی ناکۆکی ناوخۆیی، قەیرانی ئابووریی و لاوازبوونی پرۆسەی بە دیموکراتیزەکردن و لێکەوتەکانی، پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا و وڵاتانی ئیقلیمی و ئەمریکادا دەبینێتەوە و لەبەردەم داهاتوویەکی ناڕوون و ئاڵۆرزدان و ئاراستەی ڕووداوەکانی چەند مانگی داهاتووی عێراق و ناوچەکەش کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر هەرێم جێدەهێڵن.

لە ئاستی دووەمیشدا ڕانانی ئەمجارە پرسی دەسپێکردنەوە پرۆسەی خوێندنی لە هەر دوو وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردەی گەنگەشە کردووە و شرۆڤەی بۆ بژاردەکانی بەردەستیان و لێکەوتە و کۆسپ و ئاسۆی بەردەم پیادەکردنی شێوازی خوێندنی ئۆنلاین یان کردنەوەی دەرگاکانی پۆلەکان و بژاردەکانی دیکەی کردووە.

## تەوەری یەکەم:
## ئاڵنگارییەکانی بەردەم قەوارەی هەرێمی کوردستان

قەوارەی ئێستای هەرێمی  کوردستان بە سنور و دەسەڵاتی ئێستایەوە، پرۆسەیەکی مێژوویە و تەنها زادەی ئەمڕۆی پاش ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام نیە. فیدراڵیەتی هەرێمیش دەرەنجامی گەشەسەندن و پەرەسەندنی خواست، ئامانج و خەباتی دەیان ساڵەی بزوتنەوەی کوردایەتییە بۆ بەدیهێنانی ئازادی و چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی سڕینەوەی شوناس بە سەرجەم کایەکانییەوە.

لەشەستەکانی سەدەی ڕابردودا، وەک چارەسەرێک بۆ کیشەی کورد، بۆ یەکەم جار باس لە دروستکردنی شێوازی ناناوەندێتی لە کوردستانی عێراق کرا، پاشان لە سەرەتای حەفتاکاندا بۆ ئۆتۆنۆمی گەشەی کرد. لە دوای نەوەدەکانیشەوە دروستکردنی قەوارەی هەرێمێکی فیدراڵی، بوو بە دروشمی سەرەکی بزوتنەوەی کوردستانی و لە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش پەسەند کرا. ئەم تەوژمە لە دەستوری ٢٠٠٥ی عێراقیشدا پەسەند کرا و گەلی کوردستان بوو بە خاوەن قەوارەیەکی دەستوری دانپیانراو لە ناوخۆ و دەرەوەدا. ئەمە وێڕای ئەوەی کە لەسەرەتای سەدەی بیستویەکەوە هەمیشە جۆرێک لە ئومێد لای بەشیک لە خەڵک و ڕۆشنبیران و هێزە نەتەوەییەکانی کوردستان هەبوو کە ئەم هەرێمە بکرێتە هەوێنێک بۆ سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی.

بەڵام پاش تێپەڕبوونی ١٥ساڵ لە دانپیانانی دەستوری بە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا، ئێستا ئەم هەرێمە ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی ناوخۆیی و هەرێمی ترسناک بۆتەوە، کە بەشێکیان پەیوەستە بە ئەدای خودی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەشێکی تری بە پلان و هەوڵی هێزە ئیقلیمییەکان، بەشێکیشی بە تێڕوانین و هەڵوێستی هێزە عیراقییەکان سەریان هەڵداوە.

**- ئاڵنگارییە ناوخۆییەکان:**

١. ناکۆکی نێوان هێزە کوردییەکان: وەک هەمیشە ناکۆکییەکانی نێوان هەردوو گەورەترین پارتیی هەرێم (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان)، کە لەماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا، بە جەنگی ناوخۆیی نێوانیان یان ململانێ و ڕێکەوتنی ستراتیژیی دوو قۆڵییان، سەرچاوەی زۆربەی گرفتەکان و جوڵێنەری گرنگترین ئاڵوگۆڕە ناوخۆییەکانی هەرێم بوون، هەر لە دابەشکردنی بڕیاری سیاسی، دەسەڵات و توانا داراییەکانەوە تا دوولەتکردنی جوگرافیای هەرێم و دووبارە یەکگرتنەوەیەکی لەرزۆک لەسایەی جۆریک لە دووئیدارەیی شاراوەدا. مۆتەکەی ناکۆکییەکانیش تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەری قووڵبونەوەشی مەترسیدارترە، بەتایبەت لە بواری ڕێکنەخستنی هێزی پێشمەرگە، دەزگا ئەمنیەکان، نەبوونی دیدێکی ستراتیجی هاوبەش بۆ سیاسەت و ئاسایشی دەرەکی هەرێم. ڕوونیشە ئەم ناکۆکیانە هەر تەنها هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ناوخۆیی قەوارەکە ناکەن، بەڵکو هۆکاریشن بۆ نەبوونی یەک دیدی بۆ کێشە نیشتمانییەکان لە دەرەوەی هەرێم، وێڕای نەبوونی

یه‌كڕیزی له‌به‌رده‌م ئاڵوگۆڕه‌ ده‌ره‌كییه‌كاندا، كه‌ هه‌میشه‌ی سه‌رچاوه‌ی هه‌ڕه‌شه‌ و كاریگه‌ریی كوشنده‌ی ئیقلیمی و نێوده‌وڵه‌تیی بوون بۆ سه‌ر قه‌راری سیاسی هه‌رێم.

٢. قه‌یرانی دارایی: به‌هۆی داڕمانی نرخی نه‌وت له‌ بازاڕه‌كانی جیهاندا، له‌ ئه‌نجامی بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تای كۆرۆنا، زیاد له‌ پێنج مانگه‌ توانا ئابورییه‌كانی هه‌رێمی ئیفلیج كردووه‌، به‌شێوه‌یه‌ک به‌پێی هه‌ندێک سه‌رچاوه‌ له‌ مانگی سێ و چواری ئه‌مساڵدا كه‌ سه‌ره‌تای قه‌یرانه‌كه‌بوو، حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌ ڕووی ئه‌و داهاته‌ی ده‌ستی ده‌كه‌وت نزیكه‌ی ٤٥٪ی داهاتی فرۆشتنی نه‌وته‌كه‌ی و ٩٠٪ی داهاتی نێوخۆی كه‌می كرد، به‌ڵكو به‌پێی دوا ڕاگه‌یاندنی فه‌رمی وه‌زاره‌تی دارایی هه‌رێم له‌ ٢٠٢٠/٨/١٧ كۆی داهاتی ناوخۆیی هه‌رێم و داهاتی فرۆشتنی نه‌وته‌كه‌ی (٣٩٠ ملیار دینار) تێناپه‌ڕێنێت، هه‌رچه‌نده‌ ڕوون نیه‌ ئه‌مه‌ داهاتی ته‌نها مانگێكه‌ یان زیاتر، ئه‌مه‌ش به‌ به‌راورد به‌ داهاتی هه‌ر مانگێک له‌ ساڵی ٢٠١٩دا كه‌ زیاتر له‌ ٦٠٠ملیار دینار بووه‌، به‌ڕێژه‌ی ٣٥٪ كه‌می كردووه‌، ئه‌مه‌ وێڕای ئه‌وه‌ی له‌ماوه‌ی پێنج مانگی ڕابردوودا حكومه‌تی به‌غداد ته‌نها (٣٢٠ ملیار دینار)ی وه‌ک به‌شه‌ بودجه‌ی مانگانه‌ی هه‌رێم بۆ هه‌ولێر ناردووه‌. له‌ سایه‌ی ئه‌م دۆخه‌شدا حكومه‌تی هه‌رێم له‌ هه‌شت مانگی ڕابردوودا، ته‌نها موچه‌ی دوو مانگی ئه‌م ساڵی پێدراوه‌. له‌ ماوه‌ی داهاتووشدا پێناچێت بتوانێت به‌م نزیكانه‌ به‌سه‌ر ئه‌م قه‌یرانه‌ داراییه‌دا زاڵبێت، به‌تایبه‌ت گه‌ر تاكۆتایی ئه‌م ساڵ نرخی نه‌وت به‌رزبوونه‌وه‌یه‌كی ئه‌وتۆ به‌خۆیه‌وه‌ نه‌بینێت و دۆخی ئابووریی جیهانیش له‌سایه‌ی بڵاوبونه‌وه‌ی كۆرۆنادا ئاسایی نه‌بێته‌وه‌ و هیچ هه‌وڵ و نه‌خشه‌ ڕێگایه‌كی ئه‌وتۆش بۆ ڕزگاربوون له‌ ئابووری ڕه‌یعی نه‌وت و كۆمه‌ڵگای به‌رخۆریی له‌ ئارادا نه‌بێت و ڕه‌وشی به‌ره‌وپێشچوونی پرۆسه‌ی ڕێككه‌وتنیش له‌نێوان هه‌رێم و به‌غدا وه‌ک ماوه‌ی ڕابردوو به‌سستی بمێنێته‌وه‌، ئه‌گه‌رچی له‌م دواییانه‌دا (وه‌ک تروسكاییه‌كی كه‌م) هه‌ردوولا به‌ جۆرێک نیمچه‌ چاره‌سه‌ر گه‌یشتوون.

٣. قه‌یرانی بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تای كۆرۆنا: هه‌رچه‌نده‌ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌سه‌ره‌تای بڵاوبوونه‌وه‌ی په‌تاكه‌، له‌ مانگی سێ و چواری ئه‌مساڵدا، توانی ئاستێكی باش بۆ ڕووبه‌ڕووبونه‌وه‌ی په‌تاكه‌ نیشان بدات، به‌ڵام له‌ ناوه‌ڕاستی مانگی شه‌شه‌وه‌ ژماره‌ی توشبووان و مردووان به‌ په‌تاكه‌، له‌ هه‌رێمی كوردستان، به‌رده‌وام ڕووی له‌ زیادبوون كردووه‌، به‌شێوه‌یه‌ک كه‌ ته‌نها له‌م مانگه‌دا ژماره‌ی توشبووان له‌ پارێزگاكانی هه‌رێمدا له‌ نێوان ١٣- ١٤٪ی كۆی توشبوانی عێراق بووه‌، ئه‌مه‌ش بارگرانییه‌كی له‌ سه‌ر نه‌خۆشخانه‌ و ده‌زگاكانی كه‌رتی ته‌ندروستیی هه‌رێم دروستكردوه‌، كه‌ هه‌ر خۆی له‌ بنچینه‌دا به‌ده‌ست چه‌ندین كێشه‌وه‌ ناڵاندوویه‌تی، هه‌ر له‌ كه‌می نه‌خۆشخانه‌، كه‌می جێگای نه‌خۆش، كه‌می كادر و كارمه‌ندی ته‌ندروستییه‌وه‌ تا كه‌می ده‌رمان و پێویستیه‌كانی دی بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی هه‌ر نه‌خۆشیه‌كی درم و كوشنده‌. له‌سایه‌ی ئه‌م دۆخه‌ی لاوازی كه‌رتی ته‌ندروستی و به‌رده‌وامبوونی قه‌یرانی ئابووریشدا، پێناچیت هه‌رێمی كوردستان بتوانێت له‌ ماوه‌ی نزیكدا به‌ ئاستێكی پێویست ڕێگری له‌ بڵاوبونه‌وه‌ی زیاتری په‌تاكه‌ بكات و به‌ر له‌ زیادبوونی قوربانیه‌كانیشی بگرێت.

٤. گرفته‌كانی حوكمڕانی باش: بارته‌قای سه‌رجه‌م ئه‌و قه‌یرانانه‌ی پێشوو، هه‌میشه‌ پرۆسه‌ی حوكمڕانی هه‌رێم پڕگرفت و هه‌ڵبه‌ز و دابه‌ز بووه‌ له‌نێوان به‌كارهێنانی ناكاملی چه‌ند ئامرازێكی

دیموکراسییانەی وەک هەڵبژاردن، ئازادییەکانی ڕۆژنامەگەری، ڕادەربڕین و کۆبوونەوەی گشتی، بەڵام بە ئاشکرا پێشێلکردنیان، داننان بە ئۆپۆزسیۆن و ڕکابەرایەتیکردنی دەسەڵات بەڵام زامنەکردنی ڕۆڵیان، بەیاساییکردنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی و دارایی لە یەکە کارگێڕی و جوگرافییەکاندا بەڵام پابەندنەبوون بەتەواو شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆیان. لەپاڵ گرفتی سەربەخۆیی پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە بەپێی ڕێتمی پەیوەندیی نێوان هێز و پارتە باڵادەستەکان ئەم دامەزراوانەش دوچاری ناکارایی، پەکخستن و پەراوێزخستن بوونەتەوە. ئەمە وێڕای کیشەکانی بواری دابەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، سەرەڕای هەڵاوسانی ژمارەی فەرمانبەران و زۆربوونی دامەزراوە کارگێڕییەکانی هەرێم بەراورد بەلاوازی ئەدا و بەرهەمیان، زیاتر لەمەش گرفتی بڵاوبوونەوەی بەرچاوی گەندەڵی کە تەواو متمانەی هاوڵاتیانی بە دامەزراوە حکومییەکان کەم کردۆتەوە.

**- ئاڵنگارییە دەرەکییەکان:**

١. لاوازبوونی پێگەی کورد لە بەغدا: پێچەوانەی ئەو ڕۆڵە گەورەیەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کاتی جەنگ دژی داعش هەیبوو، دوای یەکلابوونەوەی ئەم جەنگە و بێ ئاکامبوونی هەولی ڕیفراندۆم و پاشەکشێپێکردنی هێزەکانی پیشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان و گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی کارگێڕیی هەرێم بۆ سنورەکانی پێش ٢٠٠٣/٤/٩، هەژموونی هێزە کوردییەکان و نەخشی هەرێمی کوردستانیش لە سیاسەتی عێراقیدا ڕووی لە کزبوون و لاوازبوون کردووە. تادێت ڕەخنەی نەیارانی کورد و هەرێم لە بەغداد زیاد دەکات، دەنگ و ناڕەزایی ئەو هێزانەش بڵندتر دەبێت کە سیاسەت و ئابووریی کوردستان بە قورساییەکی گەورە لەسەر شانی عێراق دەزانن، بەڵکوی لەئێستادا لێدان لە کورد و سیاسەت و ڕەمزەکانی بووەتە کەرەستەیەکی سیاسی بەهێز کە لەکاتی تەقینەوەی قەیرانەکاندا و لەسەروەختی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکدا، هەندێک هێز و کەسایەتی بۆ تەسکینکردنی شەقام و کۆکردنەوەی دەنگی زیاتر بۆ ئاژواندنی ماشێنی "ئەنتی کورد" بەگەڕی دەخەن. بەڵکو ئەم ڕەوشە بە ئاستێک گەیشتووە هەندێک هێزی عێراقی داوای هەمووارکردنی دەستوور و سڕینەوەی بنەما و ئامرازەکانی فیدراڵییەت دەکەن، گوایە ئەم بنەما و ئامرازانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ زیادەڕەوییەکانی کورد بەسەر دەستوور و ئابووریی عێراقدا و پێویستە کوردستان و هەرێمەکەی بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو قەوارەیەی کە شایستەین و لە باشترین ئاستیشدا نابێت لە لامەرکەزی ئیداری زیاتریان پێ ڕەوا ببینرێت. بۆیە لەپاڵ سەختبوونی ئاکامەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر شانی عێراق، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی بە سستی ڕێکردنی هەنگاوەکانی گەڕی ئەمجارەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لاوازبوونی ڕۆڵ و پێگەی هەرێم بێت لە عێراقدا. ئەمە وێڕای ئەوەی خودی هەرێمیش لە دوای ساڵی ٢٠١٢وە، بەتایبەت دوای گرتنەبەری سیاسەتی "ئابووریی سەربەخۆ" لە ٢٠١٤دا، جۆرێک لە بێ منەتی سیاسی و ئابووری بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی پیشان داوە کە لە ئێستادا بەغدا باری ئەو بێ منەتییە بە هەولێر دەفرۆشێتەوە.

٢. پاشەکشێی پشتیوانی ئەمریکا بۆ کورد: لە دوای ٢٠٠٣ تا ٢٠١٧ لە تێڕاونینی ئەمریکییەکاندا کورد، لە پاڵ سوننە و هێزە عێراقییە لیبراڵەکاندا، هاوکارێکی کارا بوون بۆ سەرخستنی ململانێکانی لەگەڵ ئێران و گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراق و ناوچەکەدا، بەڵام لەدوای بێ ئومێدبوون لە بەدیموکراتیکردنی دەوڵەتی عێراق و کشانەوە لە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ئێران و زیادبوونی هەوڵەکان بۆ ناچارکردنی ئەمریکا بە کشاندنەوەی خێرای هێزەکانی لە عێراقدا، لەسایەی زیادبوونی هەژموونی هێز و لایەنە سیاسی و چەکدارییە وابەستەکانی ئێران لە دامەزراوە تەشریعی و سەربازییەکانی عێراقدا و گرتنی جێپێیەکیش لە پێکهاتەی حکومەتدا، ئەمریکای ناچارکرد بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی و پارسەنگکردنی ڕووبەڕوبونەوەکانی لەگەڵ ئێران، چیدی گرەو لەسەر پشتیوانی کورد یان سوننە یان هەر هێزێکی دیکە نەکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ دامەزراوە سەرەکی و باڵاکانی عێراق خۆی بکەوێتە گفتوگۆی ستراتیژی، ئەمەش هێندەی تر پێگەی کوردی لە عێراق و سیاسەتی زلهێزەکاندا لاواز کرد، بەشێوەییەک هەندێک باوەڕیان وایە هێشتا کورد بێهەودا لە هەوڵی دەربازبوونداین لەو گۆشەگیری و پەراوێزخستنەی کە لە دوای ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧وە لە نەخشەی سیاسەتی ئەمریکا و زلهێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکاندا دووچاری بووە.

٣. زیادبوونی هەژموونی هێزە ئیقلیمییەکان: هەرچەندە لەدوای ١٩٩١ هەمیشە گرژی و شەڕی نێوان تورکیا و پارتە کوردییەکانی (پەکەکە)، هەروەها ئێران و هێزە کوردییەکانی (کۆمەڵە و دیموکرات)، کێشەی ئەمنی و سیاسییان بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە. بەڵام دوامەرامی جوڵە و دەسوەردانەکانی هەردوو هێزی ئیقلیمی لە هەرێمی کوردستاندا تەنها سەرکوتکردنی پارتە نەیارەکانیان نییە بەڵکو بەئامانجگرتنی خودی ئاسایشی قەوارەی هەرێمیشە، هەر بۆ نمونە لەدوای ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ تورکیا، لە ترسی ڕاگەیاندنی لکاندنی کەرکوک بە هەرێمەوە، کە هەمیشە کەرکوک و تورکمانەکانی عێراق لە خەیاڵدانی جیۆپۆڵەتیکی تورکیادا درێژکراوەی خاک و خەڵکی وڵاتەکەین، بۆیە هەڵوێستێکی توندی دژەڕیفراندۆمی نیشاندا و پشتیوانی بەهێزی عەبادی سەرۆکوەزیرانی ئەودەمی عێراقی کرد، کە بە سوپا و حەشدی شەعبی پیشڕەوەی بۆ ناو کەرکوک بکەن. هەرچی هەڵوێستی ئێرانیشە، شاراوە نییە کە خودی قاسم سلێمانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی لەشکرکێشی سوپای عێراق و میلیشیا عێراقییە پرۆئێرانییەکانی دەکرد بۆ گرتنەوەی بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکان. لەئێستاشدا لەشکرکێشی و جوڵە سەربازییەکانی ئەم دواییەی هەردوو وڵاتی دژ بە پارت و هێزە نەیارەکانیان لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا ئەگەری دروستکردنی مەترسی گەورەی بۆ سەر قەوارەی هەرێم هەیە، بەتایبەت هێرشە ئاسمانی و سەربازییەکانی ئەم دووایییەی تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت ئامانج لێی دروستکردنی ئەو پشتێنە ئەمنییە بێت کە چەندین ساڵە دەیەوێت لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا دروستی بکات، مەترسی هاتنەدی ئەم پێشبینییەش بۆسەر هەرێم ئەوسا گەورەتر دەردەکەوێ کە ئەگەر هەیە بە ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی عێراق ئەو هێرشانەی تورکیا ئەنجام درابێت. بۆیە لەسایەی بێتوانایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی تورکیا و ڕێگرتن لە پەکەکە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا، ڕەنگە یەکێك لە ئاکامەکان بڵاوەپێکردنی هێزی عێراقی و نێودەوڵەتی بێت بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێم لە

شەڕی پەکەکە و تورکیا، سەرباری ئەمە ڕەنگە وڵاتانی دراوسێ بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی ئیقلیمی هەرێم بەوە قایلبن کە ڕۆڵی زیاتر بە سوپای فیدراڵی عێراق بدرێت لە هەر تەرتیباتێکی ئایندەیی بۆ پاراستنی سنوورە نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسی و ئاسایشی نیشتمانییەوە هەژموونی بەسەر سنوورەکانی خۆیدا لەدەست دەدات و لەڕووی ئابووریشەوە زەبرێکی گەورە بەر داهاتی خاڵە سنوورییەکانی دەکەوێت.

**- سیناریۆکانی ئایندەی قەوارەی هەرێمی کوردستان**

لەسایەی ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکیانەی سەرەوەدا دەشێت بۆ ئایندەی قەوارەی هەرێم پێشبینی ئەم سیناریۆیانە بکرێت:

**یەکەم:** مانەوەی قەوارەی هەرێم وەک ئیستای، کە نزیکترین و لۆژیکیترین سیناریۆیە، بەڵام مەودای بەردەوامبوونی لەسایەی ئاڵنگارییەکانی حوکمڕانی خراپی هەرێمدا کورتخایەن دەبێت، ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێم چاکسازی گشتگیر لە کۆی کایە سیاسی و ئابوریی و کارگێڕییەکاندا نەکەن، کە دوورنییە دەنگی نارەزایەتییەکانی چەند چینێک، کە خەریکە لە زۆرێک لە شارەکاندا سەرهەڵدەدات، زیاتربێت و بەرەو خۆپیشاندانی فراوانتر بچێت، هەڵبەت ئەوساش یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکان دەسلەکارکێشانەوەی کابینەی حکومەت و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێشوەخت دەبێت. ئەوکات دوورنیە کەلێگ لە سیناریۆکانی سەروەختی خۆپیشاندانەکانی تشرینی پار لە عێراق لە هەرێمیش دووبارە ببنەوە، کە دواجار سەری کێشا بۆ توندوتیژی دژی خۆپیشاندەران و بەدواشیدا دەسپێلەکارکێشانەوەی حکومەت و قووڵبونەوەی قەیرانی دووبارە پێکهێنانەوەی حکومەتێکی نوێی لێ وەبەرهات.

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوە یان بچووککردنەوەی قەواری ئێستای هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی بۆ دۆخێکی کارگێڕیی لاوازی ئەوتۆ کە لە کۆتوبەندەکانی لامەرکەزییەکەی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیاتر نەبێت، بەتایبەت کە بەپێی تێڕوانینی هەندێک لە هێزە عێراقییەکان دەبێت دواجار ئامانج لە ڕێککەتنی ئەمجارەی بەغداد و هەولێر تووندکردنی زیاتری ئەو کۆتوبەندانە بێت و دواتر بە هەمووارکردنی دەستور و هەڵوەشاندنەوەی بنەما فیدراڵییەکان کۆتایی بەو لادانە سی ساڵییە بهێنرێت کە پێی دەوترێت "دیاردەی هەرێمی کوردستان". ئەمە جگە لەوەی لە ئێستادا هەندێک هێزی عێراقی و کەسایەتی کورد، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندە، هەوڵی دروستکردنی ئاراستەیەك بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەدەن، هەرچەندە ڕادەی سەرکەوتنی ئەم ئاڕاستەیە بەندە بەڕادەی پشتیوانی دەنگدەری کورد بۆ سەرخستنی و ڕادەی جێگیربوون گوتاری نیشتمانچێتی عێراقی و ڕادەی ئامادەیی حکومەتی فیدراڵی بۆ هاوکاریکردنی دارایی هەرێم و سووکردنی بارگرانییەکانی قەیرانی ئابووری لەسەر بژێوی زۆرینەی خەڵکی هەرێم، بەڵام لەسایەی ئەو بەرگە تایەفییەی کە حکومەتی عێراقی لە ماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوودا پۆشیویەتی زەمینەی بونیادنانی ئەم ڕەهەندانە لاوازە.

**سێیەم:** دابەشبوون یان سەرلەنوێ ڕێکخستنەی دۆخی ناوخۆی هەرێم بۆ دوو قەوارە یان دوو

ناوچەی جێی هەژموونی سیاسی و یاسایی و سەربازی لێکچوودا، جا بەشێوەیەی توندوتیژی و بە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی نێوان هەردوو پارتی گەورەی دەسەڵات بێت، یان بە حوکمی لێکتێگەیشتنی نێوانیان بێت بۆ زەرورەت و سوودەکانی ڕێکخستنەوەیەکی لەم جۆرە بەشێوەیەکی یاسایی و ئاشتیانە و بەپێی بنەماکانی ناناوەندێتییەکی سیاسی و دارایی دروست، کە بتوانێت بارگرانییە کارگێڕی و داراییەکانی هەردوولا لەسەر حکومەتی ناوەندی ئەوسای هەرێمی کوردستان سووک بکات. هەڵبەت ڕێککەوتنی ئاشتیانە لەسەر ئەم هەر سیناریۆیەک کە بۆ زیادکردنی گەشەپێدانی توانا ئابووری و مرۆییەکەنی هەرێم بێت و بۆ کاراکردن و زوو بەدەنگەوەچونی پێداویستییەکانی خەڵک بێت و بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیجییەکانی کورد بێت، لەنێوخۆ و عێراق و دەرەوەشدا، بێ سوود نابێت و جێگای پشتگیرییشە.

**چوارەم:** بەکارخستنی کارتی ڕیفراندۆم و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوە لە دەوڵەتی عێراق، کە لەڕووی واقیعییەوە سیناریۆیەکی زەحمەتە، بەڵام دەشێت وەک خۆزگەیەکی دەسەڵاتداران بۆ تەنفیسکردنی فشاری بەشێک لە ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ، یان بۆ فشارکردنەسەر عێراق بە قبوڵکردنی ڕێککەوتنێکی پردەستکەوتی سیاسی و دارایی زیاتر بۆ هەرێم، پەنای بۆ ببرێت. دیارە بە لۆژیکیکردنی ئەم سیناریۆیە بەندە بە گۆڕانی گەورە لە هەڵوێستی وڵاتانی زلهێزی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەرامبەر بەم بڕاردەیە بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی وەها کە تەواو لەگەڵ هەڵوێستەکەدا ساز بێت. ڕەنگە بڕاردەی لۆژیکیانەتر ئەوەبێت کە سەرەتا هەوڵ بدرێت، بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغداد یان بە ناچارکردنی، قەوارەی هەرێم لەسەر بنەماکانی کۆنفیدراڵی، وەک قۆناغێکی ڕاگوزەری، ڕێکبخرێتەوە. هەڵبەت قایلبوون بە بڕاردەیەکی لەم جۆرەش، کە بۆ ئامانجە دوورمەداکانی کورد بەسوودە، دەبێت دەرفەتی ستراتیژی، سیاسی و ئابووریش بۆ عێراق مسۆگەر بکات.

کەواتە، هەرچەندە هەندێک لەم سیناریۆیانە هەڵگری دەرفەتن بۆ کوردستان و هەرێمەکەی بەڵام زۆربەیان سەرچاوەی هەڕەشەن، بۆ وەرگرتنی زۆرترین سوودیش لەهەر دەرفەتێک، ئەو پێشنیارەی دەبێت بڕیار بەدەستانی هەرێم ڕەچاوی بکەن ئەوەیە کە: گرفتەکانی هەرێم گشتگیر و هەمەلایەنن، بۆیە چارەسەریشیان دەبێت هەمەلایەنە بێت، کێشەی هەرێم تەنیا کێشەی مووچە و دارایی نییە، هەرچەندە لە ئێستادا بەرچاوترین کێشەیە، بۆیە بە تەنها چاکسازی لەم بوارەدا چارەسەر نییە، بەڵکو دەبێت پێ بە پێی هەر هەنگاوێکی چاکسازی دارایی هەوڵ بۆ هەڵگرتنی چەندین هەنگاوی تر لە بواری تردا بنرێت وەک: بەکۆتاگەیاندنی پرۆسەی پەسەندکردنی دەستوور و سەروەرکردنی بنەماکانی لە هەر هەنگاوێکیتری چاکسازیدا، ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و بەدامەزراوەییکردنی، کاراکردنی ناناوەندێتی، ڕووبەڕووبونەوەی جدی گەندەڵی و بنبڕکردنی، گەڕاندنەوی ڕێز و بڕیار بۆ دامەزراوە سیاسییە هەڵبژێردراوە باڵاکان، هەوڵدان بۆ فرە ڕەهەندکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشبەستنی تاک ڕەهەند بە ئابووریی بەرخۆری نەوت و چەندین هەنگاوی دیکە.

## تەوەری دووەم:

## ئاسۆی نادیاری پرۆسەی خوێندن لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا

بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ وەکو پەتایەکی ڤایرۆسیی جیهانی، کاریگەری لەسەر هەموو سێکتەرەکانی ژیان دروست کرد و لێکەوتەکانی تا ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبن و کاریگەریش لەسەر شێواز و چۆنێتی مامەڵە لەگەڵکردنیدا دەبێت، چونکە ڕەفتاری ڤایرۆسەکە و نەبونی وەڵام و چارەسەرێکی زانستی یەکلاکەرەوە، لە لایەك ئاسۆی لێڵ کردوە، لە لایەکی تر کاریگەری گەورەی لەسەر ئەرك و ڕۆڵەکان دروست کردوە و بڕیاردانی لەسەر ئایندەی هەر سێکتەرێك سەخت کردووە تا ملکەچی هەڵسەنگاندنە تەندروستیەکان بێت، ژینگەی سایکۆلۆژیای کارکردن و بڕیاردانی بەشێوەیەك لە شێوەکان وەرچەرخاندووە. کەرتی پەروەردە و تەندروستی لە جیهان بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی لە ژێر کاریگەری ئەم دۆخە تازەیەدا ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بووەتەوە کە شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنن.

کەرتی خوێندنی باڵا و پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەسەر کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا دابەش بووە، بە دوو یاسای جیاواز پەیکەرە کارگێری و داراییەکانیان دیاری کراوە، لەو چوارچێوەیەدا یاسا سیستەمی خوێندنی ئەم دوو کەرتەی ڕێکخستووە، هەردوو کەرتەکە لەژێر چەتری چاودێری یاسا و ڕێنماییەکانی ئەم دوو وەزارەتەدا ئاراستە دەکرێن.

سیستەمی فێرکردن و یاساکانی لە کوردستاندا لەماوەی ڕابردوودا خۆی لە پشتیوانی و پشت ئەستوربوون بە تەکنەلۆجیای (فێرکاری ئەلیکترۆنی لە دوورەوە - التعليم عن بعد) بەدوور گرتووە، ئەمەش لە لایەك بەهۆی ئاستەنگە یاساییەکانییەوەیەتی بۆ نمونە وەزارەتی خوێندنی باڵا پشت ئەستورە بە یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٨ کە تا ئێستا هەموار نەکراوەتەوە، هەروەها یاسای ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٣ی زانکۆ تایبەتەکان، گۆڕانکارییە خێراکانی بواری تەکنەلۆجیای بۆ پرۆسەی فێربوونی ئۆنلاین و "لە دوورەوە"ی ڕەچاو نەکردووە، لەکاتێکدا لە خوێندنی مۆدێرندا وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی و پاڵپشتکار لە ڕوودانی فێربوون و گواستنەوەی مەعریفە و ئاڵوگۆڕی زانیارییدا چەسپاوە. بەڵام بە پێچەوانەوە فێربوونی ئۆنلاین و لەدوورەوە بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا و بە تایبەت لە ئانی یەکسانکردن و متمانەدان بە بڕوانامە و فێرگەکان دەچێتە ژێر پرسیارەوە، جیا لە ڕێگرییە یاساییەکانی، لاوازی ژێرخانی تەکنەلۆژیا و خراپی هێڵەکان و توانای مرۆیی بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ هۆکارێکی ترە بۆ کەمی بەکارهێنانی کلیل و زمانە سەرەکیەکانی ئەم بوارە و سوود لێوەرگرتنی، وەک بەشێک لەچارەسەر، بە پێچەوانەوە خودی پرۆسەی بەکارهێنانەکە وا خەریکە دەبێتە بەشێک لە کێشەکە.

### - ئاستەنگەکانی بەردەم هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا:

بۆ دیاریکردنی لێکەوتەکانی کۆڤید ١٩ لەسەر کەرتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا، باشترە بۆ هەر کەرتێکیان بە جیا ئاستەنگە سەرەکیەکانی بخرێنەڕوو:

**١. کەرتی پەروەردە:**

أ. ئامادەنەبوونی ژێرخانێکی پەروەردەیی و هەبوونی تەکنەلۆژیای تۆکمە و پێویست، هەر لە کەمی قوتابخانە، ژمارەی زۆری خوێندکارانەوە تا پێداویستیەکانی کۆی پرۆسەی ڕوودانی فێربوون.

ب. گرفتی کەمی پاڵپشتی دارایی و قەیرانی مووچە، کێشەسازە و ئەگەری بایکۆت و بە دەمەوە چوونی مامۆستایانی کەرتی پەروەردەی بە کراوەیی هێشتووەتەوە و بگرە دوور نییە پرۆسەی خوێندنیش پەك بخەن.

ج. سوودوەرنەگرتن لە کاتی پشووەکانی ماوەی کەرەنتینە و پشووی درێژی هاوین بە مەبەستی ئامادەسازی توانای مرۆیی کەرتی پەروەردە وەک ڕاهێنانی مامۆستایان و پەروەردەکاران بۆ زیاتر شارەزابوون و زەمینەسازی بۆ پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و گونجاو بە دۆخی تازەی سەردەمی کۆرۆنا.

د. نەبوون و سستی کولتووری مامەڵەکردنی مامۆستایان و خوێندکاران لەگەڵ تەکنەلۆجیای سەردەم و ڕاهاتن لەگەڵ مۆدێلی کلاسیکی و خووگرتن بە خوێندنی ڕووبەڕوو.

ز. بوونی دۆخی سایکۆلۆژی ناجێگیر کە نائومێدی و بێ متمانەیی بەرامبەر بە ئاسۆ و داهاتوی خوێندن دروست کردووە.

هـ کەرتی تایبەت لە پەروەردە تارادەیەک بەشێکی ئەم گرفتانەی تێپەڕاندووە، بەڵام گرفتی سەرەکی و ڕێگری بەردەم هاووڵاتیان بەرامبەر بەم کەرتە، گرانی کرێی خوێندن و چارەسەرە لە ناکاوەکانیانە، کە دیسان جۆرێک لە سستی لە کارەکانی ئەم کەرتە و بازاڕەکەیدا سازاندووە.

و. گرانی هێڵەکان و خراپی پەخش و لاوازی گەیاندن و ئالیەتی گەیاندن لە تۆڕکانی ئینتەرنێتدا، هۆکارێکی دیکەی هاوکارنەبوونی بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە پرۆسە و ئالیەتەکانی خوێندنی ئۆنلاین و فێربوونی لەدوورەوەیە.

**٢. خوێندنی باڵا:**

بەشێکی زۆر لەو گرفتانەی لە کەرتی پەروەردەدا هەیە لە کەرتی خوێندنی باڵاشدا هەیە، لەوانە:

أ. ژمارەی زۆری خوێندکاران، نەبونی ژێرخان و پێداویستیەکان لە پێداویستیە سەرەتاییەکانەوە بۆ پێداویستی تاقیگەی و کەرەستەی تاقیگەیی، تا کەمی هۆڵەکانی خوێندن و هۆڵی خوێندنی ئەلیکترۆنی و زیرەك و ...تاد.

ب. نارەزایی و بێهیوایی مامۆستایان و دەستەی وانەوتنەوەی زانکۆیی لە گرفتی پاڵپشتی دارایی و نەبوون و دواکەوتنی موچە، وایکردووە کە هەڕشەی تووندتربوونی نارەزاییەکان پەرە بگرێت و دووریش نییە بایکۆتی سەرانسەری خوێندنی لە زانکۆکاندا لێبکەوێتەوە.

ج. کەموکورتی ژێرخانی ئەلیکترۆنی زانکۆکان: خراپی هێڵەکانی ئینتەرنێت، گرفتی کەمی ئامرازە زیرەکەکان لای مامۆستایان و خوێندکاران، ڕاهاتن و خووگرتن لەسەر ئامرازە کلاسیکییەکان، وای کردوە زەمینەی پابەندبوون و ئامادەبونی مامۆستا و خوێندکاران بۆ پرۆسەکە لاواز بکات. ئەزمونکردنی خوێندنی ئەلیکترونی لە وەرزی یەکەمی خوێندنی ئەلیکترۆنی پاڵپشتیکار ئەو ڕاستیەی دەرخست کە

هێشتا زەمینەی ئەم مۆدێلە لە کوردستاندا لانیکەم لە ڕووی دابینکردنی پێداویستی (کەرەستە و گەیاندن)، ڕاهێنان و ئەزمونەوە کوورتی هێناوە.

د. هەمووارنەکردنەوەی یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمەکە بۆتە لەمپەری بەردەم ئامادەسازیی و کەشڕەخساندن بۆ خۆگونجاندن و مانەوەی ژێرخانی خوێندنی کلاسیکی، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم گرفتانە بەڕێژەیەکی کەمتر لە زانکۆ تایبەتەکاندا بوونیان هەیە.

هـ. لاوازی هێڵ و پەیوەندی پتەو لەگەڵ ناوەندە زانستیەکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو و سوودوەرگرتن لە توانا و بەرهەمەکانیان.

و. شێوازی بەڕێوەبردنی بەشە ناوخۆییەکان: لەلایەك لەبەرئەوەی بەڕێوەبردنیان تێچوویەکی دارایی زۆری دەوێت و حکومەتیش لە قەیرانێکی سەختی داراییدایە، لەلایەکی تر دەبێتە کێڵگەی بڵاوبوونەوەی پەتاکە، بەهۆی جۆری باوی بەڕێوەبردن و کۆبوونەوە و کۆنترۆڵکردن و تێکەڵاوی خوێندکارانەوە.

**- سیناریۆکانی بەردەم پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان:**

ئەوەی تائێستا هەیە، بۆ زانینی ئەوەی چی لە داهاتودا ڕوودەدات و پرۆسەی پەروەردە و خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ چۆن و کەی دەست پێدەکات، پێشنیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی خوێندن، هاوکات وەزارەتی پەروەردە لانی کەم تەتەڵەی ئەم ئەگەرانە دەکات:

١. خوێندنی ئەلیکترۆنی و داخستنی دەرگای قوتابخانەکان، تا ئەوکاتەی ئاسۆ و چارەسەر بۆ سنوردارکردن و بنەبڕکردنی پەتای کۆرۆنا و هەڵسەنگاندە تەندروستییەکان ڕوونتر دەبنەوە.

٢. دابەشکردنی ڕۆژەکانی هەفتە بۆ دوو ماوەی خوێندن، واتە دابەشکردنی پۆلەکان و کاتەکانی دەوام بۆ دوو دەوام و سێ ڕۆژ لەهەفتەیەکدا.

٣. کردنەوەی تەواوی خوێندن وەکو ساڵانی پێشوو، بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان و دواخستنی دەستپێکردنەوەی خوێندن بۆ سەرەتاي مانگی تشرینی یەکەم، لەگەڵ کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی خوێندن و دووریش نییە خوێندن تەنها ئەو بابەتانە بگرێتەوە کە وەزارەت بە سەرەکییان دەناسێنێت.

هەریەك لەم سیناریۆنانە گرفتی خۆیان هەیە و پیادەکردنیان ئاسان نییە، سیناریۆی یەکەم بە تایبەت لە قوتابخانە حکومیەکان سەرکەوتو نابێت لەبەر ئاستەنگی نەبوونی ژێرخانی ئەلیکترۆنی. سیناریۆی دووەم گرفتی زۆرترە، لەوانەش زۆربوونی دەوامی مامۆستایان لە چوار ڕۆژەوە بۆ شەش ڕۆژی هەفتە، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی قوتابخانەکان خۆیان لە بنەڕەتدا دوو دەوامین.

سیناریۆی سێیەم ئەوەیە، لەبەرئەوەی بەپێی هەڵسەنگاندنە پزیشکی و توێژینەوەکان منداڵ و تا تەمەنی هەژدەساڵ کەمتر ئەم پەتایە کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات و کاتژمێری کەم و تەنها ئەو مادانەی سەرەکین، لە دوو سیناریۆکەی تر سەرکەوتووتر دەردەکەوێت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم

## ئایندەی هەرێمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا

سیناریۆیەش دیسانەوە پەیوەستە بە هەڵسەنگاندنە پزیشکیەکانەوە و ئەوان بڕیاری یەکلاکەرەوە لە بارەیەوە دەدەن.

سیناریۆکانی خوێندنی باڵا: بە پێی ئەو پێشنیارەی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەی کردووە، لەبەردەم سیناریۆیەکی سەرەکیداین: کە ئەویش خوێندنی ئاوێتەیە، کە ئاوێتەکردنی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ڕووبەڕووی ناو کەمپەسەکانە بە ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانەی کە ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ دەستپێکردنەوەی خوێندن دیاری کردوون، هەروەها جۆرێك لە نەرمینوواندن و پێدانی دەسەڵات بە زانکۆکان لە ئەگەری گرتنەبەری بژاردەی جیاواز بە پێی تایبەتمەندیی دۆخی شارەکان و زانکۆکان.

سیناریۆی دیکە ئەوەیە تا دۆزینەوەی چارەسەرێکی پزیشکی و هەڵسەنگاندنێکی زانستی تەندروستی، خوێندنی ئەلیکترۆنی و کەمپەس دوابخرێت. بەڵام سیناریۆی سێیەم بریتیە لە کردنەوەی دەرگای زانکۆ و پەیمانگاکان و ئاساییکردنەوەی دەوام بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستیەکان، چونکە لە برگەی چوارەمی پێشنیارەکەی ئەنجومەنی وەزارەتدا باس لەوە کراوە بەشی زۆری خوێندن لە نێو کەمپەسدا دەبێت، لەوانە (وانە پراکتیکییەکان، وانە سەرەکییەکان، تاقیکردنەوەکان، تاقیگەکان)، ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ بە واتای دروستبوونی قەرەباڵغی دێت. بۆیە باشترین بژاردە، لانی کەم لە زانکۆ تایبەتەکان کە کەمتر گرفتی نارەزایی و بەشی ناوخۆیی و پێڕاگەیشتنی ئەلیکترۆنییان هەیە، ئەوەیە کە خوێندنی ئاوێتە دەتوانێت سەرکەوتوو تر بێت.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non-governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.7

# The Future of Kurdistan Region within its Internal and External Challenges;

## Political and economic problems, education and higher education

# مستقبل إقليم كوردستان في خضم تحدياته الداخلية والخارجية

## المشاكل السياسية والاقتصادية، التربية والتعليم العالي

Sulaimania
August 2020
www.centerfs.org